قوباد تاڵەبانی:کورد هەرگیز تەسلیمی خۆسەپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم لە ساڵیادی 21 ساڵەی رووخانی رژێمی عێراق رایگەیاند، سەدام و رژێمەکەی نەیانتوانی ئیرادەی گەلەکەمان بشکێنن و کورد هەرگیز تەسلیمی خۆسەپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو.

لە پەیامەکەیدا قوباد تاڵەبانی دەڵێت: "بە هەموو ستەمکاریی و خوێنڕێژییەکانییەوە، بە جینۆساید و ئەنفالەوە، بە کیمیابارانی هەڵەبجەوە، بە لەسێدارەدانی زیندانی سیاسییەوە، بە خاپورکردنی گوندەکان و بە راگواستنی زۆرەملێ و بە وڵاتبەدەرکردنی کوردانی فەیلییەوە، بە هەموو ئەمانە و زۆر تاوانی دیکەشەوە، سەدام و رژێمەکەی نەیانتوانی ئیرادەی گەلەکەمان بشکێنن".

جێگری سەرۆك وەزیران باسی لەوەشکردووە، کورد هەرگیز تەسلیمی خۆسەپێنی و دیکتاتۆرییەت نەبوو و بە دڵنیاییەوە ئەم گەلە لە داهاتووشدا تەسلیمی هیچ خۆسەپێنییەکی دیکە نابێت.